www.kurdistannet.org
31-3-2003 0:06

# شیرین و گوللەی تاڵ

**کورتەچیرۆك**

**سەردارخۆشناو**

**لەخەوی سەرکەپەرەی دارچرودا، دەنگیکەڵشێرەکەی پلکە فاتمێی جیرانمان وچریکەی بولبولی رووباری بەردەم ماڵمان، زۆربەی سپێدان بەئاگای دەهێناین، ئیدی وەك هەر رۆژێك تێرناو ماستمان دەخواردو لەبەردەم مامۆستا مەجیدی بەسالاچوو لەنێوپۆلەکەدا هەردوو گوێچکەمان بۆ قسەخۆشەکانی شل دەکرد، کەلەوێش تەواودەبووین لەسەرکانیێ بەرمالان یان لەبەر سێبەری سواندەی خانووە بەقورولیتەکان بەیەکەوە یاریمان دەکرد، ئەوێ رۆژێ لەماڵەوە پێیان راسپاردبووم هەندێ شت بۆ منداڵەکانم بکرم بۆیە رێم کەوتە بازارٍ--- پاش ئەوەی دێیەکەمان وێران کرا، چەندان ساڵ بوو نەمدیتبوو لەنێوقەیسەریدا پشتی لەمن بوو، بەهەست ناسیمەوە، چونکە ئەو هەمیشە دڵی بەوە خۆش دەبوو دایکی پرچی بکاتە یەك کەزی، بەلام گومانم لا دروست بوو، بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ کەلەنێوئاپۆرای خەڵکیدام، لەگەڵم خۆم دەستم کرد بەقسەکردن، شیرین قاچی راستی هەبوو ئەوە بۆبەدارشەق دەروات، ناشێ ئەوبێ !! نا ئەو نییە، خۆ خەڵکی زۆر لەیەك دەچن!! بۆ ناشێ ئەوبێ، پاش ئەوەی دێیەکەمان ئاوەدانکراوەتەوە بەسەردانێك چۆتەوە دێ و سەرێك لەخزمان بدات و لەگەشت وگەرانی ئەوێ بەسەرمینێك کەوتبێ وقاچی لەدەست دابێ، من لەنێو ئەوقەرەباڵغییەدا لەتاو ئەو، شت کرٍینم هەر بیرنەما ! هەر بەدواییەوە بووم و لەترسی ئەوەی نەبا بەرعارەبانەی جەمەدانی فرۆشەکەی لای مزگەوتێ بکەوێ تۆزێ خۆی مەیلان کرد، دروست ئەو بوو ناسیمەوە، خۆ ئەوە ئەوە شیرینەوخۆیەتی ؟! شیرین ئەو کچەجوان وشیرینەی، دایك وباوکی لەبەرجوانیوشیرینییەکەی ناویان نابوو، ئاخێکم هەڵکێشاکەخۆزیا بەوشێوەیەم نەم دیتبا، چەندهەنگاوێکیتر رۆیشت و منیش بەدوایەوە بووم، لەوپلیکانەکە نزیك بۆوەکەلەوێوە دەچووە سەرشەقامی گشتیی ناو بازار، خەریك بوو بکەوێ فریای کەوتم و قۆڵم گرت، زۆر بەشەرمەوە تێیروانم لەبەرئەوەی من بەهانی چووبووم، بۆی نەکرا وەکو ئافرەتانی تر بڵێ بۆ قۆڵم دەگری، جگە لەسوپاس رێگەم نەدا زۆرقسە بکات زوو خۆیم پێناساندو زۆریش بەوناسینەوەمان گەشایەوە، لەبەر ئەو هەموو رێزەی بۆ منی هەبوو گوێی بەهیچ قسەیەکی خەڵکی نەداو میوانداریی قبوڵ کردم بەوەی بەیەکەوە ژەمێك نان بخۆین، ئەو لەچاوی من پەرۆشی نەمانی قاچی خۆی دەخوێندەوە زۆربەشەرمەوە سەری داگرت و بەرلەوەی من بپرسم ---گوتی ئازاد دەزانی پێشینانی ئێمە دەڵێ ( چاکەی سەربەخۆ سەری ساحێبی دەخوات) ئەو پەندەی کردە پێشینی قسەکانی، بۆ ئەوەی درێژە بەقسەکانی بدات وازم لەهەموو یادگارییە کۆنەکان هێناو سەرم خستە سەر دەستەکانم بۆ قسەکانی نوزەم لەخۆم برٍی، ئەویش بەردەوام بوو----ئەوساڵ نەورۆز بوو خەڵکیش ماڵیان ئاوابێ وا راهاتوون لەجیاتی ئەوەی هەر تەنها ئاگربکەنەوە خوویان بەتەقەکردنیشەوە گرتووە، تۆ مام جەمیلی جیرانمان ناناسی پیاوێکی دەوڵەمەندەو کورێکی تاقانەی هەیەو زۆر نازی هەڵدەگرێ، ئەو ئێوارەیەی کەخۆمان بۆ بەیانی ئامادە دەکردگەشت بکەین،**

لەماڵی لەیلای دەستەخوشکەکەم پرچم چادەکرد، هەرکەگەیشتمە بەردەرگای ماڵەوەمان کوری مام جەمیلی بۆ ئەوەی لەبەردەم مندا ئازایەتی و پیاوەتی خۆی نیشان بدات کلاشینکۆفەکەی بەدەستێك گرت و دەستی کرد بەتەقەکردن هەرهێندەم بیردێ لەگەڵ دەنگی تەقەکان و شۆربوونەوەی لوولەی کلاشینکۆفەکە من کەوتم و لەهۆش خۆم چووم، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە خۆم دۆزییەوە، بەلام چی؟ هێشتا نەهاتبووومەوە سەرخۆم کەدووسەعات لەژێردەستی پزیشکەکان نەشتەرگەریم بۆکرابوو بەلام بێ هودەبوو قاچی راستم برایەوە......، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، خەریك بوودەست بکات بەگریان، بردمەوە ناو دێ و بەکۆمەڵێ یادگاری باسەکەم گۆری و فەرموم لێکرد باپارویێ نان بخۆین، لەبیری ئەوە دابووم پێی بڵێم شووت کردووە، شەرمێك دایگرتم هێندەی کردم بۆم نەکرا بپرسم دەبێ شووی کردبێ؟!دەشترسام بەقسەکەم هەستی برینداربکەم بێدەنگیم لێکرد، بەدەم نان خواردنەوە هەر لەبیری ئەوەدا دەخولامەوە، کەچیدیاربوو ئەو تەواوببوو، منیش بەزیادیم لێکردو سەرو چایەمان خواردەوە، بەدەم داوای لێبوردنەوە لەسەرشەقامەکە دەستی تەوقەی لەدەست دەرهێنام و جێیهێشتم هێند خەمم لەفاچی شیرین خواردبوو هێندەش رقم لەلوولەی کلاشینکۆفەکەبۆوە، بیرنەبوو لێی بپرسەوە ماڵتان لەکوێی بوو تا سەردانیان بکەم.

s erdarxoshnaw73@yahoo. Com